پەرلەمانتارێکی یەکێتی: کورد یەکلایی بووەتەوە بەچەند کاندیدێک دەچێتە کەبەکەی سەرۆک کۆمارەوە



ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق ئاماژە بۆدەکات، کورد یەکلایی بوەتەوە و بەچەند کاندیدێك دەچێتە ناو کەبەکەی پێستی سەرۆککۆماری عێراقەوە، دەشێت "نزار ئامێدی تاکە کاندیدی سەرۆککۆمارمانە".

بەسمان سمە ناڤحەش، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەفراکسیۆنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەماڵپەڕی فەرمی حزبەکەی راگەیاند "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاکەکاندیدی بە پێستی سەرۆککۆمار نزار ئامێدی-یەە و پشەنگی هەموو کاندیدەکانە و پاپشتییەکی زۆری لێدەکرێت".

سمە ئاشکراشیکرد "چوارچێوەی هەماهەنگی نوری مالیکی-یان وەك کاندیدی سەرۆکوەزیران دیاریکردووە، بەڵام لەگەڵ پاپشتییەکانی رەخنەش لەکاندیدکردنی دەگیرێت، بەیە چوارچێوەی هەماهەنگی دواین کۆبوونەوەی خێیان لەو بارەیەوە سازدەکات".

پەیوەست بە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانیش لەم هەفتەیەدا، ئەندام پەرلەمانێکی عێراق

وتی "ئەگەر چوارچێوەی هەماهەنگی بۆیاری کۆتایی لەسەر کاندیدی سەرکوەزیران بدات، کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجامدەدرێت، چونکە کورد یەکلایی بوەتەوە و بەچەند کاندیدێك دەچێتە ناو کێبڕکێی پێستی سەرکەکماری عێراق".

وتیشی "بەپێی نەریتی سیاسی و ئیستحقاقی هەڵبژاردن ئەو پێستە لەناو کوردا بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەی، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان ئیستحقاقی خۆی لە عێراق بە وەرگرتنی پێستی جێگری دووەمی سەرکی پەرلەمان وەرگرتووە و کاندیدەکانی دیکەش چانسی دەرچوونیان نییە، چونکە کورسی زۆر کەمییان لە پەرلەمان هەیەو ئەو پێستە سیادییانەیان پێنادرێت".